# لەژێر پێنانی کەرامەتی ئینسان

مەهدی کامیل ( نـــیا )
Nya-78@hotmail.com



لەشفرۆش ئەوکەسەنیە کەلەش دەفرۆشێت ، بەڵکو ئەوکەسەیە کە لێی دەکڕێت .
بەپێی ئەو هەواڵەی لە ژمارە ( 306 ی ڕۆژی 27 / 12 /2006 ) ی هەفتەنامەی هاوڵاتیدا بڵاوبۆتەوە لە شاری سلێمانیدا هەزار لەشفرۆش هەیە . وە ژمارەیەکیان هەڵگری ڤایرۆسی ئایدزن ، ژمارەیەکیان لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی حیزب و حکومەتدا دەخەون ، وە پارەیەکی باشیان دەست دەکەوێت ، سەرچاوەکەی ئاسایشی سلێمانی دەڵێت هەڵمەتێکی دەست گیرکرد نمان دەست پێکردوە ، بەڵام هەڵمەتەکەمان لەباربرا ، لەلایەن کێوە ؟؟؟.
بەرلەڕودانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لینین و ستالین لەسەر شەقامێك شەقاویان لێدەدا ، لەنزیك یانەیەکی لەشفرۆشیەوە گوزەریانکرد ، لینین لە ستالینی پرسی ئەگەر ئێمە دەسەڵا تمانگرت چارەنوسی ئەمانە چیبێت ، لەوەڵامدا ستالین دەڵێت سەرجەمیان دەکوژین ، لینین دەڵێت نا ژیانیان بۆ دابین دەکەین تا ناچارنەبن ئەم کارەبکەن .
لەشفرۆشی ، مرۆڤ بۆ ناچاردەکرێت لەشفرۆشی بکات ؟ مرۆڤ بۆ ناچاردەکرێن هێزی جەستەی و عەقڵی بە پارە بگۆڕێتەوە ؟ کێ فشاری بۆ دێنێت ؟ مەبدەئی سەرەکی لە پرۆسەی کڕین و فرۆشتندا چیە ؟ کێ کڕیارە و کێش فرۆشیارە ؟ ئایا ژیان پێویستی بە کڕین و فرۆشتن هەیە ؟ ئەی ئەگەر مرۆڤ خۆی بووە کاڵاو کڕین و فرۆشتنی پێوە کرا ئەوکات چی ؟ ئایا نرخی ژیان و کەسێتی مرۆڤ لەم پرۆسەیەدا چەندە ؟ ئەم نرخە کێ دیاریدەکات ؟ هەر خودی مرۆڤ خۆی نیە ؟ .
لەوساتەوەی لەم سەرزەمینە مرۆڤ فێری مۆنۆپۆلکردن و ئیستیغلال کردن و خۆژیاندن بووە لە سەر حسابی بەرامبەرەکەی ، هەندێك لە مرۆڤەکان بەشێك لە ئازادییان لەدەست داوە و لە بەرامبەریشدا بەشەکەیتر دەستی بەسەر شتەکاندا گرتوە بەئازادی و چالاکی عەقڵی و جەستەی مرۆڤیشەوە ، وە خۆی کردۆتە خاوەنی شەرعییان ، دواجار لەبازاڕی ئاڵو وێردا پێی فرۆشتۆتەوە . بازاڕ شوێنی ئاڵو وێر و ساغ کردنەوەی کاڵاکانە ، مرۆڤ کەبەکاڵای زیندو ناوزەند دەکرێت لە ناو ئەم بازاڕەدا بە پێی سیستمی سوڕانی بازاڕ ئاڵو وێری پێوە دەکرێت لە نزمترین ئاستدا ، بەڵام بۆ مرۆڤەکان دەچنە پەیوەندیەکەوە کە پەیوەندیەکی بازاڕی و نامرۆڤانەیە ، لە سەرەتادا وادەردەکەوێت پەیوەندیەکە پەیوەندیەکی ئازادانەیە ، هەریەکەو لای خۆیەوە سەربەخۆ و ئازادانە بڕیاردەدات بچێتە ئاوها پەیوەندیەکەوە ، بەڵام ئەگەر بەوردی سەیری بنەماکانی پەیوەندیەکە بکەین تێدەگەین کە واقیعەن ناچارکردنی لایەنێکە بەدەستی لایەنەکەیتر ، بەوەی کە لانی کەم بژی دەبێت یان خاوەنی سەرمایە بێت یان کاڵا تالەم پرۆسەیەدا بەردەوامی هەبێت و بژی . وە دەبێت پابەندی حوکمەکانی ئەم پرۆسەیەبێت ، یەکەمین شتێك کەدەبێت لەم نێوەندەدا لێی لابدات ئازادیە ، چونکە دەبێت پەیوەست بێت بە بازاڕەوە ، پەیوەست بونیش پێچەوانەی ئازادیەو ناچاریە . لێرەدا کەسێك کە لەشدەفرۆشێت لە پێناو دابینکردنی لانی کەمی ناندا بۆئەوەی تەنها وزەی بەردەوامی پێبێت ، خاوەنی سەرمایە نیە وە تەنها کاڵایەکیش کەهەیەتی لە بازاڕدا هەڕاجی بکات جەستەیەتی . وە وەلاوەنانی سەرجەم حورمەت و کەرامەت و ئیحساسی ئینسانیەتی ، چونکە ئەمانە هیچی پارەناکات . هەروەك ئەو کرێکارەی لە پێنا و ئەوەدا کە بژی ناچار بەکاری کرێگرتە و فرۆشتنی هێزی بازوی دەکرێت .
مرۆڤ لە کوتلەیەك پێکهاتوە کە کۆمەڵێك غەریزە بەڕێوەی دەبەن ، هەستەکانیش نوێنەری غەریزەکانن ، مرۆڤ لە ڕێگەی دەربڕینی هەستەکانیەوە ئاماژە بە مۆتیڤەکانی ناخی دەکات کە دەسەڵاتیان بەسەر بونیدا هەیە . هەر لەڕێگەی ئەم هەستانەشەوە دەتوانێت ناخی بەرامبەرەکەی داگیربکات ، بۆیە هەرچیەك بکەوێتە دەرەوەی ئیحساس و خۆشەویستی و سۆزی مرۆڤەوە پێچەوانەی ناخیەتی و دورە لە خواست و ئیرادەی ئەو وە ناچاریە .بەم پێیە هەر پەیوەندیەکی سێکسی دوربێت لە سۆز و خۆشەویستی بە لە لەشفرۆشی دادەنرێت ، کەم و زیادی ئەم کاڵایەش لە بازاڕدا پشت دەبەستێت بە خواست و ڕادەی تێرکردنی بازاڕ ( تەڵب ) ، بەنەمانی داواکاری لەسەر ئەم کاڵایە ڕاستەو خۆ سەرجەم کاڵاکان نرخەکەیان دەکاتە هیچ و ئێکسپایەر دەبن ، ئەمەش یەکەم دێڕی ئەم وتارە پشت ڕاست دەکاتەوە . بەڵام خۆ مرۆڤەکان ناتوانن دەست بەرداری سێکس بن ، وەك یەکێك لە غەریزەکانیان ، ئەی کەواتە چۆن دەتوانن دەست بەرداری لەشفرۆشی بن ؟ بەڵێ دەتوانن ، تەنها بە گێڕانەوەی حورمەت و کەرامەتە دزراوەکان بۆ خاوەنەکانیا ، وە بەرز کردنەوەی لە ئاستی کاڵاوە بۆ ئاستی مرۆڤ ، ئەوکات هەرکەسێك دەتوانێت پەیوەندی سێکسی لەسەر بنەمای سۆز و خۆشەویستی ئینسانی دا بمەزرێنێت بە بێ پەنابردنە بەر هیچ وەسیلەیەك لە چەشنی پارە .
ئێستا بە پێی حوکمەکانی ئەم پەیوەندیە بازاڕیە ، هیچ کاتێك خاوەن دەسەڵاتەکان کاریان ئەوە نەبوە ئەم دیاردەیە لەناوبەرن .چونکە خاوەنی سەرمایەن و بەئاسانی دەتوانن باشترین کاڵاکانی بازاڕبچننەوە .تائاسانترو نزیکتر لە دەرونە شلۆق و ناجێگیرەکانیانەوە بژین ، لە لایەکیتریشەوە هەر ئەمانن دەستیان بەسەر نان و ئازادیدا گرتوە تۆزە تۆزە دەیفرۆشنەوە بە خاوەنەکانیان تا پەیوەندی بازاڕی گەرمتر ڕابگرن . مرۆڤ کاتێك شەرعیەت بە ئاوها کارێك دەدات بەدڵنیایەوە بڕیارەکەی لە ژێرفشاری

بارێکی دەرونی نائاسایدایە ،چونکە پەیوەندیەکە نائاساییە ، هەرخودی ئەو کەسانەی لە بوارە ڕاستەقینەکاندا شکستیان هێناوە وە ناتوانن بە پێی سۆز و خۆشەویستی پەیوەندیەکی ئاسایی دا بمەزرێنن ، بۆیە باشترین حاڵەتێك بۆ ئەوان ئەم پەیوەندیە بازاڕیەیە . لەم بارەشدا هەمیشە لە خەمی فراوانکردنەوە و درێژە پێدانیدان .

ئێستا ئەگەر بگەینە ئەو دەرئە نجامەی کە ئەم ڕابیتەیە لە نێوان مرۆڤەکاندا هیچ بنەمایەکی ئاکاری و ئینسانی تەندروستی نیە . وەڵامدانەوەیەکی نائاساییە بە بارێکی نائاسای . بالەم دەرە نجامە گوزەر بکەین ، ئایادەرە نجامە کۆمەڵایەتیەکانی ئەم پەیوەندیە چیە ؟ هەر ئەو سیستمەی کە شەرعیەت بەم جۆرە کارە دەدات ، وایکردوە هەزارەها مرۆڤ لەسەر جادە ڕۆژ بکەنەوە ، ڕۆژانە خەڵك لە برسا بمریت ,وایکردوە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان ڕوتبکاتەوە لەسەرجەم بەهاکانی و کورتی بکاتەوە بۆ پەیوەندی سرڤی مادی ، تەنانەت بازرگانی بە سۆز و عاتیفە و جەستەی مرۆڤیشەوە بکرێت ، هەر ئەم نیزامە وایکردوە بۆ دابینکردنی ژەمە خۆراکێك و لە برسا نەمردن مرۆڤەکان بهێنێتە ژێرباری ، دزی ،کوشتن ، پەنابردنە بەر فێڵ و خۆهەڵواسین بە ئەفسانەو خورافە و جەنگ و تادوای ئەگەر لە بەرامبەریشدا ئیعترازێك پیشانبدات چەك و زیندان لە سێدارەدان تادوای بۆ خوڵقاندوون . بەم کارەشی کەشفرۆشیش لە خۆدەگرێت تاکەکانی کۆمەڵ هاندەدات بۆ ئەم پەیوەندیە و سەرە نجام کۆی ستراکتۆری کۆمەڵایەتی دەبێتە ئەم ئاکارە و خاڵی دەکاتەوە لە ئینسانیەت . تا ساناتر ڕەوتبکات . کێشەکە هەرلێرەدا کۆتای نایەت ، ئەم پەیوەندی بەستنە فرە لایەنە لەگەڵ چەند کەسی جیاوازدا لە یەککاتدا ، جگە لە ڕوە ئینسانی و ئاکاریەکەی لە ڕوی تەندروستیشەوە خەتەرێکی گەورەیە لە سەر کۆمەڵگا کە ئەویش گواستنەوەی چەندین نەخۆشی جۆراوجۆرە لە نێوان فەردەکانی کۆمەڵگادا . بەخێراییەکی نەبینراو بێبەرامبەر ، لە هەمووشیان ترسناکتر ئایدزە ، کەبەڕاستی ترسناك و بێچارەیە .

لەمەش ترسناکتر کەلە هەواڵەکەدا هاتوە کەسێك بە ناوی ئاسایشەوە دەڵێت بەر لە چەند ڕۆژێك کەسێکمان ناردەوە بۆ ئێران کە هەڵگری ئەم ڤایرۆسەبووە . بەڵام نائێت چەندەیە خەریکی ئەم کارەیە ؟ وە چەند کەسی تری توشکردوە ؟ وە چۆن زانیویانە هەڵگرە ؟ کە ئیحتمالە ئەو کەسە نەخۆشیەکی ئاسای هەبوبێت و سەردانی نەخۆشخانەی کردبێت و پێویستی بە پشکنینی خوێن هەبوبێت لە ئە نجامدا دەرکەوتبێت کە هەڵگری ڤایرۆسی ئایدزیشە ، ئایە دەکەسی ئاماژە بۆکراو لە هەواڵەکەدا چۆن و لەسەر چی بنەمایەك ڕاگەیەنراوە ؟ ئایا چەند کەسی تر لەم کۆمەڵگایەدا هەڵگرن ؟ حکومەت هیچ ئامارێکی هەیە ؟ ئەی کەی حکومەت لە ترسناکی ئەم مەسەلەیە تێدەگات ؟ هەر لە هەواڵەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە هەڵمەتێکی دەست گیرکردنیان دەست پێکردوە بەڵام لە باربراوە ، حە تمەن حکومەتێك بەرپرسە بەرێزەکانی کە هەرچی خزمەت هەیە بەم گەل و نیشتیمانە کردویانە و شەو لە سەر سنگی سۆزانی ( بەداوای لێبردنەوە ) دەکەنەوە قەت ڕێگە نادات سۆزانی لەم وڵاتە بکرێتە دەرەوە . یان ژیانێکی وایان بۆ دابین بکرێت تاناچار نەبن بە فرۆشتنی حورمەت و کەرامەت و جەستەیان ، وە بەرپرسە بەرێزەکانی نان براو بن کەئەش هەرخزمەتە بە گەل و نیشتیمان . ئەوەنیە حکومەت چەندین شوێنی تایبەتی کردۆتەوە بۆ چاودێری کردنیان ، هەڵمەتی ووشیاری هەیە ، ئامارو ئاگایی هەیە . دیارە من لەگەڵ ئەوەدانیم ئەم ئینسانانە هەڵسوکەوتێکی نامرۆڤانەیان لەگەڵ بکرێت ، سوکایەتی بە شەخسیەت و کەرامەتیان بکرێت ، بەڵکە پێویستە لە هۆکارەکانی دەست بردن بۆئەم کارە بکۆڵرێتەوە و یارمەتیان بدرێت تاژیانێکی عادی بژین ، دواجار لە چوارچێوەی پەیوەندیەکی تەندروست و پڕلە خۆشەویستیدا پەیوەندی سێکسیش بە دڵخوازی خۆیان ببەستن لەگەڵ هەرکەسێك کە وەڵام بە ناخی وە بە ڕۆحی وە بەجەستەی ئەو بداتەوە دا بمەزرێنێت . پرسیارێك باشە کەئەم کەسانە زۆربەیان لە دەرەوەی سنوری کوردستانەوە هاتون بۆ لە کاتی هاتنە ژورەوەیاندا پشکنینی پێویستیان بۆ ئە نجامنەدراوە . مرۆڤ ئەگەر بیەوێت سەفەربکات پاش پاسپۆرتەکەی پێویستی بە پشکنینی تەندروستی هەیە . تاچونە ناو هەرووڵاتێك مسۆگەربکات . کەوایە بۆ حکومەتی هەرێم لە سنورەکان پشکنین ئە نجامنادات . بۆ ئەوکەسانەی کە دێنە ناو هەرێمەوە .

ئەگەر کەسێك لەم وڵاتەدا هەڵگری بیر و باوەڕی سیاسی بێت و ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵات بێت ئەگەرچی بەرنامەیەکی ئینسانی و مرۆڤدۆستانەشی هەبێت ، وەمەبەستی خزمەتکردن بێت بە بەشەری ئەم سەرزەمینە ، زۆر ترسناکترە لەوەی کە هەڵگری ڤایرۆسی ئایدزبێت . بەدەلیلی ئەوەی کە هەتا ئێستاکە لەم وڵاتەدا شوێنێکی تایبەت نیە بۆ چاودێری کردنی ئەوکەسانەی بە هەر ڕێگایەك لە ڕێگەکانی توشبوون کە مەرج نیە لە ڕێی سێکسەوە بێت توشی ئەم ڤایرۆسە هاتوون . بەڵام زیندانەکان چەندین کەسی سیاسی تیایە تەنها بە بیانوی بیر و ڕای سیاسی جیاواز . لە شەڕی ناوخۆدا چەندین کەس بێسەر و شوێن کران وە ئەنفال کران , بە دەلیلی بیر و باوەڕی سیاسی جیاواز . زیندان بۆتە شوێنی چاودێری کردنی ئەمانە ، لای حکومەتی هەرێم ململانەی سیاسی و خەباتی عەقلانی و دیموکراسی زۆر ترسناکترە لە ڤایرۆسی ئایدز ، چونکە یەکەمیان خۆی وەك ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵات پێناسە دەکات و خەتەرە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی . بەڵام دووەمیان هیچ ترسناکیەکی بەنیسبەت دەسەڵاتی سیاسیەوە تیا بەدی ناکرێت ، فەقەت خەتەرە لەسەر کۆمەڵگا ، وە بەدیلی دەسەڵات نیە . باشە خۆ ئەم کێشەیە هیچ پەیوەندی بە تەوازنی هێزو هێزە زەبەلاحە جیهانی و وڵاتانی دراوسێوەنیە چارەسەرکردنی ، هەروەك تەواوی خۆدزینەوەکانی تری دەسەڵات ، کەدەڵێن بۆیە ئێمە هیچمان نەکردوە بۆمان نەکراوە هەلومەرجی جیهانی و ئیقلیمی لە بەرژەوەندی ئێمە نەسوڕاوە ، بەڵام خۆ لە ڕوی کۆمەڵایەتیەوە دەتوانرا زۆر شت بکرێت ، خۆ ڕێگەو بان ڕێخستن پەیوەندی بەدەرەوە نیە ڕێخستنی بازاڕ چی ؟؟ داڕشتنی هەیکەلەی ئیداری چی ؟؟ فەسادی مالی و ئیداری چی ؟؟ باقی شتەکانی تریش من هەروا دەیبینم ئێستا کێشەیەکی وەك ئەمەی کەهەیە چارەسەرکردنی پێویستی بە پشتگیری وڵاتانی زلهێزی دنیا نیە ، ڕازیکردنی وڵاتانی دراوسێی ناوێت . هەروەك پێشتر باسکرا کۆمەڵە مرۆڤێك کە کۆمەڵگا گرفتاریکردوون و ناچاری کردون تابژین تانزمترین ئاست بێ فەڕی کردوون ، هەرخۆشی دادگاییان دەکات و فڕێیان دەداتە پەراوێزەوە ، کە پێویست بەوە ناکات ، ئەگەر کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەران فەراهەمبێت . مرۆڤەکان ناچار ناکرێن لە جیاتی پەیوەندی ئینسانی پەنا بۆ دزی کوشتن لادانی عەقلی و لەشفرۆشی بەرن پێویستیشمان بە زیندان دەزگای موخابەراتی نابێت . ئێستا پێم وایە چارەسەرکردنی کارێکی ئاسانە ئەگەر خواستێکی ئینسانی کاری بۆ بکات .

لە بەردەم حکومەتی هەرێمدا دوڕێگاهەیە یەکەم تەشخیسێکی تەواو بکات تا بزانێت چەند کەس هەڵگرو توشبوون بەم ڤایرۆسە . پاشانیش یارمەتیدان و دەربازکردنی هەموو ئەو کەسانەی لە هەردوو بارەکەدا تاژیانێکی ئاسای و نۆرماڵ بژین . خۆئەگەر کارێکی ئینسانی زۆرباشی پێناکرێت ئەمە کارێکی ئاسانە .